

# 25 بـنەما

# بۆ ژیانێکی جوانتر...

نووسەر

موحەمەد ناجی

2021

کتێبخانەی (PDF)

# 25

# بـــنـــەما بـــۆ ژیـــانێکی جـوانتر

ژیان لە دیدی خۆمەوە

نـوسیـنی

محمـد نــاجی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾ [العلق: 1]

# سوپاسگوزاری

سوپاسی خوای گەورە ئەکەم کە یارمەتی دام بتوانم سودێکی بچوک پێشکەش بکەم ئومێدە وارم ببێتە مایەی خێر بۆ خوێنەر ونوسەر.

لە پاشاندا سوپاسی خانمەکەم (مامۆستا بنیاد) دەکەم کە هاوکارم بوو لەم کارە پیرۆزە زۆریش ماندوو بوو لەگەڵم خوای گەورە تۆم بۆ بهێڵێتەوە..

# پێشەکی

هەموو ئەوانەی کتێبیان خوێندبێتەوە
شتێکی جدییان تێیدا بەر چاو کەوتوە شتانێک کە نوسەر
بە قەناعەتی خۆی نەینوسیوە

تەنها ئەو هەنگاوانەی پڕاکتیک کردووە کە لە تێکرای
کتێبەکان هەیە،من لەم کتێبە بە شێوەیەکی جیاواز دەستم بە
نوسینی کتێبەکەم کرد بەشێوەیەکی سادە ولۆژیکی
بیرۆکەکانم دەنوسم قەناعەتەکانم دەنوسم ئەوەی گونجاو
بوو بۆ ژیانت وەریبگرە ئەوەی گونجاو نەبوو وەکو هەر
قسەیەکی تر فرامۆشی بکە

ئەویش بزانە قسەی ئێمەی مرۆڤ قورئان نییە بۆیە باشی
وەرئەگیرێت خراپیشی پشت گوێ ئەخرێت،هەرگیز دڵ و
مێشکت بۆ هیچ کەسێک مەکەوە کوێرانە قسەکانی
وەربگریت تەنها ئاینەکەت نەبێت چونکە بۆ فەرمانەکانی
خودا نابێت **بـــۆ** بەکار بێنین وەدەبێت ملکەچی بین

.

# مرۆڤ ئازادی تەواوی پێ دراوە

مرۆڤ هەر ئەو ڕۆژەی هاتە سەر ئەم گۆی زەوییە ئازادی تەواوی پێ دراوە ، بەڵام جێی داخە مرۆڤێک تەمەنێک بکوژێت چونکە بەهەڵە دیلی بیرۆکەیەکی خراپ بووە ، ئەبێت بزانیت هەموو ئەوانەی دەوروبەرت

بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەیانەوێت ئازادیت

لێ بستێنن

کاتێکیش هەست بەو کارەیان ئەکەیت هەست دەکەیت ژیانێکی دووبارە دەژین ئیتر خۆت دەبێت بڕیار بدەیت کە وەکو ئەوان نەبیت

بۆ نموونە بڕیار بدە ئیتر ڕێز لە کاتت بگری تێبینی بکە کاسانێکی زۆر ڕەخنەت لێ دەگرن و پێت دەڵێن ئەمە چییە ئەم دابەشکردنی کاتە، ژیانت بۆ ئەوها قورس کردووە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێت ئەڵێن ئێمە

نامانەوێت ئازاد بیت ، ئەمانەوێت وەک ئێمە ژیان بە ڕێ بخەی نە بەرنامە و نە ئامانج

بۆیە ئاگات لەهەر وشەیەکی دەوروبەرت بێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکە بزان لە تەرازووی خوای گەورە و بەرژەوەندی گشتی یەک ئەگرێت ؟

نەک هەرکەسەو قسەی بۆ کردیت بە گوێی بکەی وا بزانی دڵسۆزە ، تۆ ئازادی لەهەر شتێک و لەهەر بڕیارێک لە ژیانت

ئەبێ لەم شتە دڵنیابیت لە90% شتەکان وا دێتە ڕێگات هەڵبژاردنی خۆتە بەڵێ هەڵبژاردنی خۆتە

هەڵبژاردنی خۆتە کاتێک کەسێک جلێکی لەبەر کردووە پێی بڵێی جوانە ، پیرۆزت بێت ، یاخود ڕووت گرژ بکەیت و هیچی پێ نەڵێیت ، هەڵبژاردنی خۆتە کاتێک خێزانت ماوەیەک زۆر خەریکی خواردن بووە بۆ تۆ ،

پێی بڵێی دەست خۆش هاوسەرە شیرینەکەم خواردنەکەت زۆر خۆشە ، یان بیخۆیت و هیچیشی پێ نەڵێێ ئازادی وهەڵبژاردنی خۆتە ، بۆچی بەو شێوازە جوانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا ناکەیت؟!

لە کاتێکدا کە خۆت حەز دەکەیت خەڵکی بەجوانترین شێوە مامەڵەت لەگەڵ بکات

کاتێک کە مرۆڤ لەوە تێگەیشت ئازادی تەواوی هەیە چی شتێک ڕێگرە لە گۆڕانی ؟!

وبۆچی ئازادە و لەهەمان کاتیشدا لاواز و بێ دەسەڵاتە بەرامبەر هەوڵدانەکانی بۆ گۆڕینی ژیانی خۆی ؟

من پێت دەڵێم بۆ ، مرۆڤ هەر کاتێک ڕوحی خۆی نەڕازاندەوە بە عیبادەتی خودا دەرونی ئارام نەکردەوە بە یادی خودا مێشکی ڕوناک نەکردەوە بە زانیاری بە سوود ئەوکات لاواز وبچوک دەردەکەوێت ، با ئازادیش بێت

مرۆڤی بێ زانست کۆیلەی حەزەکانی خۆیەتی مرۆڤێک دوور بێت لە عیبادەتی خودا ڕۆحی ماندووە

کەسێک ڕوحی ماندوو بێت چۆن ئەتوانێت ڕۆحی کەسانی تر ئاسودە بکات ؟ کەسێکی مێشکی بەتاڵ بێت لە نوری عیلم ومەعریفەت چۆن دەتوانێت بە ڕێزەوە مامەڵە بکات ؟

هەرگیز ناتوانین بڵێین هەموو خۆشییەک بە واتای ئازادی دێت ، ئازاد ئەو کەسەیە ڕوحی بەندکردبێ بە عیباتی الله ، کاتەکانی سنوردار کردبێ بۆ خزمەت کردن بەلایەنی ڕوحی وجەستیی

چونکە ئازاد ئەو کەسە نییە هەر کاتێک بییەوێت بخەوێت ، هەر کاتێ بیەوێ رابوێرێت ، بەڵکو بەوە دەوترێت ژیانێکی بێ واتا و ئازادیەکی بێ بنەما .

# کاتم نییە

تێفکرام و بۆم دەرکەوت مرۆڤ بە پێی سەرقاڵبوونی دوور ئەبێت لە کێشە و خەمۆکی کە زۆرێک لەخەڵکی بەدەست ئەو نەخۆشییانەوە دەناڵێنن ، دەست بەتاڵی دەردێکی

کوشندەیە مرۆڤ نابێت دەستی بەتاڵ بێت

لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەرون و ڕۆحی سەرقاڵی حەق نەکرد ئەوە ڕۆح و دەرونی بە ناحەق سەرقاڵی دەکەن

بۆیە زاڵبە بەسەر خۆتدا و کۆنترۆڵی هەستەکانت بکە ، بیرم دێ سەرەتای گەنجێتیم زۆر دەست بەتاڵ بووم ئەوەندەی بیرم لە ناخۆشی ژیان و لەیەک دانەوەی هەڵەم بۆ ژیان دەکرد ئەوەندە جوانیەکانم نەدەبینی

جا ڕۆژێکیان ئەکاونتی توێژەرێکم بەرچاو کەوت نامەم بۆی نارد باسی کێشەکانی خۆمم بۆی کرد یەکێک لەقسەکانم ئەوە بوو پێیم وت

چۆن وام لێ بێت زۆر سەرقاڵ بم کاتم نەبێت ، هەر کەسێک داوام لێ بکات بۆ دەرچونێکی ئاسایی بلێم کاتم نییە هێندە سەرقاڵ بم ، من ئەوکات ئەمزانی دەردەکەم چییە ودەرمانەکەشی چییە ئەمزانی دەست بەتاڵییەکەم کێشەی بۆم دروست کردوە

بەڵام نەمدەزانی چارەسەری ئەو دەست بەتاڵییەم چییە ئێستا سوپاس بۆ خوا ژیانم پڕە لە شتی جوان خەم و بێتاقەتی بە خولەک دێنە ژیانمەوە هەموو کات و هەموو ڕۆژ من لەوپەڕی دڵخۆشیدام یەکەم بە پشتوانی خودا لەپاشان

هۆکارەکەی ئەوەیە توانیم کاتی بەتاڵ وکات بەسەر بردن لە شتی بێ سود لە ژیانم نەهێڵم ،بۆیە ئێستـــا **کاتم نییە** ئەو مەبەستەی بەدوایدا دەگەڕام پێی گەیشتم

# ئومێدم پێ بده

وتراوه مرۆڤ بێ خواردن وخواردنەوه دەژیت بەڵام بێ
هیوا وئومێد ناژیت تاقیکردنەوەیەکی زانستی ئەنجام درا
لەسەر دوو مشک

دوو مشکیان هێنا هەر یەک لەو مشکانەیان کرده ناو
حەوزێکی شوشه لەژوورێکی تاریک دانران ، وه له
، یەکێک لەو دوو ژوره ڕووناکییەکی بچوکیان هەڵکرد
لەو ژورەی که تاریک بوو هیچ ڕوناکییەکی تێدا نەبوو
مشکەکه سێ سەعات مەلەوانەی کرد

و هەوڵی دەرچونیدا پاشان تەسلیم بوو ، بەڵام لەو
ژوورەی وا ڕوناکیەکی بچوکیان دانابوو له سوچێکی
ژوورەکه ، مشکەکه سی وشەش سەعات مەلەوانەی کرد
وهەوڵی دا دەربچێت !! ئەوەیه گەورەیی هیوا و ئومێد بۆیه

هەمیشە گەشبین بن هەمیشە هیوا بەخەڵکی بدە ئاین و ژیان لەلای خەڵکی خۆشەویست بکەن دینداری جوان بکەن لەلای خەڵکی دەست گرتن بە دینەوە شیرین بکەن لەدڵی ئەو خەڵکانەی کە بە ناشیرینی لە ئیسلام گەیشتون

# کوڕی خۆم مرۆڤەکان لە ئازاردان ئاگات لە دڵیان بێت

کوڕی خۆم هەرگیز دڵی هیچ کەسێک مەشکێنە، ڕۆڵە گیان زۆرێک لەودڵانەی وا بڕیاریان لەسەر ئەدەیت بە دەست ئازارێکی قوڵەوە دەناڵێنن

ڕۆڵە گیان مرۆڤ مرۆڤ ناخوات، بەڵام هەندێ جار بەشێوەیەک بریندار ی ئەکات هەموو تەمەنی بەچەوتی ڕێدەکات بە ڕەشیش دنیا ئەبینێت..!

ڕۆڵە گیان مرۆڤەکان زیندوو بە دەردەوە ئەکوژن لە دوای مردنی فرمێسکی بۆ ئەڕێژن،ڕۆڵە گیان پیاوان لە ئازاری هاوسەرەکانیان تێناگەن بۆیە کچەکانیان هانا بۆ کوڕی خەڵکی دەبەن

کوڕی خۆم مرۆڤەکان ئەبێت کەسێک فێری ڕێزگرتنیان بکات بەڵام لە خۆڕەوشتی ناشیرین یەکەمن

کوڕی خۆم ئەو منداڵانەی وا ئەیانبینن شان شکاون وسەر کزن ئەوانە کەسانێکن هەمیشە بە قسە جەرگ برەکانی باوکیان دڵی برینداربووە

ڕۆڵە گیان مرۆڤ زۆر سەیرە دەست لەمنداڵێک بەرز ئەکاتەوە ولێی ئەدات لەکاتێک ئەو منداڵە نازانێت لەبەر چی لێی ئەدرێت.

# مێشکم بۆ فرۆشتن نییە

ئەگەر کەسێک بیەوێت زیانێک بە جەستەت بگەیەنێت لێی قبوڵ ناکەیت وکاردانەوەت ئەبێت بەرامبەری

ئەی بۆچی مێشک وبیرکردنەوەت هەموو کەسێک بە ئاسانی دەستی بۆدرێژئەکات

چەند ڕەفتار هەیە ئێستا دەستت پێوەی گرتوە هی خۆت نییە بەسەرتا سەپێندراوە

چەند حەز هەن لەناخت توانای دەرخستنیت نییە لەبەر ئەوەی لەگەڵ قەناعەتی دەوروبەرەکەت یەک ناگرێتەوە،ئەبێت ئەوە بزانیت مێشکت بۆ فرۆشتن نییە.

# لەسەر ڕێگاکەت بمێنە با کەش وهەواکەیش خراپ بێت

لە هەر حاڵێکدا بویت لەسەر ڕێگاکەت بمێنەوە خوای گەورە کاتێک باسی هاوەڵانی پێغەمبەرەکەی دەکات درودی خوای لێبێت ئەفەرمووێت: {مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا}

**واتە**: لەناو باوەڕداران دا پیاوانێك هەن ڕاستیان کرد لە ئەو پەیمانەی کە دابویان بەخوا ئینجا هەندێکیان نەزر و بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا (شەهید بوو) هەندێکیشیان چاوەڕوانن هیچ گۆڕانێکیان (لە بەڵێنی خۆیان دا) نەکردووە.

# زبانم موڵکی خۆمە

بێ دەنگی سیفەتی کەسە مەزنەکانە ئەگەر سەرنج بدەی ئەوکەسانەی زۆر بێ دەنگن قسەکانیان هێزی زۆری تێدایە کاتێ قسە ئەکەن .

چونکە قسەش وەک دەرمان وایە بە کەمی سوود خۆی ئەپێکێ بەڵام زیاد ڕەوی لێ بکەی زیانت پێ ئەگەیەنێ فێری ئەوە ببە وبیکە یاسا لە ژیانت پێش قسە کردن قسەکەت ئامادە بکە هەتا ئەو قسەی کە لە زارت دێتە دەر ئامانج خۆی بپێکێ ،

وهیچ دڵێکیش بریندار نەکات ئاگات لە وشەکانت بێ وشە قورسە بە یەک وشە ئافرەتێکت بۆ حەڵاڵ ئەبێ بە یەک وشە لەسەرت حەرام ئەبێ هەر بە وشەیەک کافر ئەبی.

ئەبێ نرخ وبەهای وشەکانت بزانی وەک ئەو مرۆڤانە نەژیت هەر کات کەش وهەوای دانشتنەکە پێویستی بەوە کرد گاڵتە بە ئاین بکەن لەگەڵیان دەست بە گاڵتە کردن ئەکات.

کەش وهەوای دانشتنەکە وا پێویستی کرد باسی ناموسی کچێک بکەن لەگەڵیان دەست بکەی بە قسە کردن ،خاوەن بەرنامە بە بۆ وشە و بیرۆکەکانت، ئەگەربە ویستی خۆت نەبوو ئەو قسانەی لەو دانیشتنەدا دەکرێت یەک قسە با لە زارت دەرنەچێت.

بەهێزبە مەهێڵە کەس دەس بەسەر بیرکردنەوت بگرێت و بەکەیف خۆی بتهێنێ وبتبا.

# سروشتی مرۆڤ لەناوبەرە

هەرگیز خۆت مەدە دەستی خۆتەوە بەو واتە وابزانیت مرۆڤ بە سروشتی خۆی ڕەوشتی جوان دەبێت بە سروشتی خۆی ئەبێتە خوا پەرست یان گومان بکات کاتێک پیر بوو خۆی تەوبە ئەکات وڕێگای چاک هەڵدەبژێرێت..!!

نەخێر بە پێچەوانەوە سروشتی مرۆڤ هەمیشە مەیلی خراپەی هەیە هەمیشە مەیلی تەمبەڵی هەیە خوای گەورە ئەفەرمووێت:

**{وَالْعَصْرِ ١ إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ٢ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ٣}**

واتە:سوێند بە کات بێگومان هەموو خەڵکی لە زیاندایە،مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابێ وکردەوە چاکەکانیان کردبێ وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ

به ئایینی ڕاست وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئارام گرتن.

دەبێت پەروەردە بکرێت دەبێت مرۆڤ هەمیشە ئاگای لە هەموو لایەنێکی ژیانی خۆی بێت چی جەستەیی یان ڕۆحی.

# شەرم مەکە بهێڵە هەست بە بوونت بکەن

بیرم دێ ئەوکاتە لە زانکۆ لە بەشی زانستە ئیسلامییەکان بووم پێش ئەوەی بگەمە قۆناغی کۆتایی ویستم خۆم تاقی بکەمەوە بۆ وتاردانی ڕۆژی هەینی

لەبەر ئەوەی لە قۆناغی چوارەم دەبوایە لە مزگەوتێک وتارت پێشکەش بکردایە

جا ئەو کات کەمێک ترس وشەرمم هەبوو بەهەرحاڵ پەیوەندیم بە مامۆستایەکی ئایینی کرد پێم وت مامۆستا بۆ ڕۆژی هەینی ئەمەوێ وتار بدەم بەڵام شەرمم هەیە ؟؟

مامۆستاکەش فەرمووی برای خۆم بۆچی شەرم ئەکەی ئەوەتا خەڵکی بەبێ شەرم بانگەوازی بۆ بەد ڕەوشتی

ئەکات بە بێ شەرم بانگەوازی بۆ لا ڕێی ئەکات ،تۆ بانگەوازی بۆلای خودا ئەکەی بۆ شەرم بکەیت؟؟!

بەڕاستی ئەو قسە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم،شەرم کردن هەستێکی کاتییە بۆچی بهێڵم بۆ هەمیشە ژیانم داگیر بکات بۆچی ببێتە ڕێگر لەوەی نەتوانم وەکو مرۆڤێکی ئازاد تەعبیر لەناخو کەسایەتیم بکەم

زۆرێک لە پیاوان شەرم ناکەن کاتێک قسەی نەشیاو بە هاوسەریان ومنداڵیان دەڵێن بەڵام شەرم دەکەن خۆشەویستی خۆیان دەرببڕن بۆیان!!

با سەیری پێشەوای مرۆڤایەتی بکەین چۆن بوو ؟؟

یەکێک لەهاوەڵان پرسیاری لێ ئەکات ئەی پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەربێت کێ خۆشەویست ترین کەسە بەلاتەوە ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت عائیشە هاوەڵە بەڕێزەکەش ئەڵێت نا مەبەستم لە پیاوانە بەڵکو پێی بلێت تۆ، پێغەمبەری خودایش درودی خودای لەسەر بێت دەڵێت باوکی(باوکی عائیشە) واتە ئەبو بەکر

پەیامبەرە.. هەموو خەڵک چاوی لێ ئەکات شەرم لەوە ناکات هەستەکانی خۆی دەرببڕێت شەرم لەوە ناکات بلێت من هەم وئەمەیش بۆچونی منە،ئێمە بەهەڵە لە زانای ئاینی تێگەیشتوین ئێمە بەهەڵە پێناسەی شتەکان ئەکەین دوای ئەمانەوێت شتەکان وەکو پێناسەکانی ئێمەبن

بێ شەرم کەسێکە بلێت من هەم بەڵام تۆ هیچ نیت،بێ شەرمی سنور بەزاندنە،

هەرکاتێک کارێکت ئەنجامدا بێ فەرمانی خوای گەورەی تێیدا نەبوو هەر وەها زیانی بۆ خەڵکی تری نەبوو ئەنجامی بدە وشەرم مەکە ژیان یەکجارە.

# چاکە خراپە دەگۆڕێت

هەرگیز خراپە بە خراپە چاک نەبووە،ئەگەر وەڵامی خراپە بە خراپە بدەینەوە ئەی کەی خراپە کۆتایی پێ دێت؟!

چاکەکار کەسێکە وەڵام خراپە بە چاکە بداتەوە وەک خوای گەورە لە قورئانە ئەفەرمووێت:

{وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ}

واتە: چاکە و خراپە چوون یەك نین بە چاکترین شێوە وەڵامی (خراپە) بدەرەوە ئەوسا کەسێ کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی هەیە وەك دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بە گیانی یە لێ دێت.

،وەڵامدانەوەی چاکە هەر چاکەیە ئازایەتی تێیدا نییە،ڕەوشت جوان وەڵامی خراپە بە چاکە ئەداتەوە ئەمە سیفەتی پێغەمبەرانیش بووە

پێغەمبەری خودا درودی خوای لەسەربێت کاتێک چووه شاری تائیف بانگەوازیان بکات بۆ لای خودا، خەڵکی شاری تائیف بە خراپترین شێوە وەڵامی پێغەمبەری خودایان دایەوە،پێغەمبەری خودا درودی خوای لێبێت کاتێک گەڕایەوە لە ڕێگادا زۆر بە دڵتەنگی وبێ تاقەتی ڕێی دەکرد

جبریل سەلامی خوای لەسەر بێت هاتە لای پێی فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە مەلائیکەی شاخەکانم لەگەڵە ئەگەر فەرمان بکەیت

ئەو دوو شاخە ئەدەینە قەد یەک

شاری تائیف لەناو دەبەین، ناهێڵین یەک کەسیان بمێنێتەوە پێغەمبەری خودا درودی خوای لەسەربێت

فەرمووی **نـــا**

وا مەکە..!!

بەڵکو ئومێدە وارم لە نەتەوەی ئەمانە کەسانێک دەربچن خودا بپەرستن وشەریکی بۆ بڕیار نەدەن ئێستا خەڵکی تائیف هەمویان موسڵمانن!! چی دوور بینییەکە چی ڕەحمەتێکە ئەم پێغەمبەرە هەیەتی سەلامی خوای لێبێت.

# نوێژەکەت ئەوەیە وا خودا دەیەوێت؟

نوێژ خوێن زۆرە بەڵام کوان ئەوانەی لە واتای نوێژ گەیشتون خوای گەورە هێندە مەزنە عیبادەتێکی مەزنی فەرز کردووە لەسەرت کە نوێژە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی بەهێزت هەبێت لەگەڵیدا تۆش بە دوو خولەک چوار ڕکات ئەنجام ئەدەیت؟!

**هەر ئەوەندەیە گەورەیی نوێژ لە دڵت؟!**

هەموو پەرستشەکان لە زەوی فەرز کران تەنها نوێژ نەبێت لە ئاسمان فەرز کرا ئەمە گەورە ڕاگرتنی تۆیە بۆ نوێژ؟!

هەر کاتێک دەستت بەتاڵ دەبێت دەڵێی با نوێژەکەم بکەم ولە کۆڵی بکەمەوە!

ئەگەر ئەوانەی باسم کرد لەکەم وکورتی لە تۆدا هەن ئاوڕێک لە ئیمانت بدەوە؟!!

لەبەر ئەوەی هەرگیز ئیماندارە بۆ خوا سولحاوەکان ئەم کارانەیان نەکردووە..!!

ئەوان نوێژیان بە گەورە ڕاگرتوە ، پیاو چاکان کاتێک تەنها بوونە زیاتر خۆیان یەک لا کردووەتەوە بۆ خوای گەورە

زیاتر ئاگایان لە جوانی نوێژەکەیان بووە،بۆ ئەوەی بزانیت تا چەند لەگەڵ خوای گەورە ڕاستگۆیت ؟

سەیری نوێژەکانت بکە کاتێک تەنیای

محمد کوری عبدالله بەغدادی دەڵێت: ئەگەر کردەوەیەکی چاکت ئەنجامدا با چاکترینەکەی ئەو کردەوە بێت کە بە تەنهایی ودوور لە چاوی خەڵکی ئەنجامی ئەدەیت

بۆ نمونە:ئەگەر نوێژێک لە پێش چاوی خەڵکی بە پێنج خولەک ئەنجامی ئەدەیت با کاتێک بەتەنهایی ئەنجامتدا حەوت خولەک بێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا دروودی خوای لەسەر بێت فەرمووی: باشترین کردەوەکانتان نوێژە،هیچ کەسێکیش پارێزگاری لە دەستنوێژ ناکات ئیلا ئیماندارنەبێت".

# بوێـــربـــه

ئەم ژیانە کەسێکی بوێری دەوێت کەسە لاوازەکان زوو لەناو ئەچن، بوێربە ئەگەر بوێریش نیت بوێرانە دەربکەوە لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان جیاوازی لە نێوانیانە ناکەن

ئەوە بیر تەسکیە ئەگەر بوێری لە شەڕ وزیانگەیاندن بەخەڵکیدا پێناسە بکەین نا ئەزیزم بوێری ئەوەیە بە ژیانێکی تەقلیدی ڕازی نەبی

بوێری ئەوەیە درۆ نەکەیت کاتێک ڕاستگۆیی دژی بەرژەوەندییەکانتن!!!

بوێری ئەوەیە بڵێیت من ئامادە نیم بەوە تێبپەڕم کە باوباپیرم پێیدا تێپەڕین لە ژیانێکی ناخۆش وبنەمای دژە ئایین!!!

بوێری ئەوەیە کتێب بخوێنیتەوە بیرۆکەی جوان فێرببیت وپراکتیزەی بکەیت بۆ ژیانت!!!

بوێری ئەوەیە بزانیت چیت دەوێت لەم ژیانەو کاری بۆ بکەیت نەک حەزەکانت بنەیت لە گۆڕ لە ترسی ئەوەی لەگەڵ حەزەکانی کۆمەڵگا یەک ناگرێتەوە.

# بیرت بێت تۆ تەنها دەتوانیت کاردانەوەکەت کۆنترۆڵ بکەیت

تۆ ناتوانیت هەموو ئەو بارودۆخ و ڕووداوە نێگەتیڤانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕوت دەبێتەوە کۆنترۆڵ بکەیت، بەڵام دەتوانیت کاردانەوەکەت کۆنترۆڵ بکەیت

هەوڵ بدە بۆ چەند چرکەیەک لەدەرەوەی ئەم دۆخە وروژێنەرە بە وردی وبەهێمنی بڕوانیتە دۆخەکە

ئەم چەند چرکەیە مێشکت فێر دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە داهاتووە نەرمتر و نەرمتر
لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت کۆنترۆڵی هەست وکاردانەوەی خەڵکی بکات .

بەڵام ئەتوانێت کاردانەوەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات بانگخوازێک ڕۆژێک لەسەر ئەم بابەتە قسەی ئەکرد کە مرۆڤ توانای هەیە هەست وکاردانەوەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات فەرمووی :حەڤدە ساڵ پێش ئێستا بریارمدا توڕە نەبم تا ئێستا توڕە نەبوومە**!!**

# تەنیایی لە جگەرە خراپترە

بە پێی توێژینەوەکان مرۆڤێک تەنیا بێت بۆ ماوەی ڕۆژێک وقسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێک نەکات زیانەکەی لە کێشانی بیست جگەرە گەورەترە

ڕەنگە پێت سەیر بێت بەڵام من بۆت ئەسەلمێنم کە ڕاستە مرۆڤ کاتێک تەنیا ئەبێت وبیر لە کێشەکانی ئەکاتەوە مێشک هێز وتواناى خۆی لە دەست ئەدات

ئەو مرۆڤە وای لێ دێت بیرلە زۆر شتی سەیر دەکاتەوە لە ئەنجامە کۆمەڵێک قەناعەتی هەڵەی بۆ دروست ئەبێت دەربارەی ژیان

ئەوکات تەمەن گشتی بەدەست ئازاری ئەو قەناعەتە هەڵانەوە دەناڵێنێت، ئەمـ گرفتە دەروونیانە بە پێی کات دەبنە نەخۆشی جەستەی وەکو نەخۆشی سایکۆسۆماتی

نەخۆشیە( دەرون جەستەییەکان) ئەم نەخۆشیە دەرئەنجامی کۆبونەوەو کەڵەکەبوونی خەم وخەفەت وتوڕەیی وترس هتد...

لەناوەوەی خۆی دەیان هێڵێتەوە ولە ڕێگەی چەندەها چالاکی جۆراوجۆری وەک:

( یاری و وەرزش وخوێندنەوە وگەشتکردن)
گوزارشتیان لێ ناکات وفرێیان بداتە دەرەوە ئەوە دوای ماوەیەک توشی یەکێک لە نەخۆشییەکانی وەک(ژانە سەر ،پاڵەپەستۆی خوێن،قۆڵۆن،تەنگەنەفەسی،نەزۆکی)دەبێت ، بەم نەخۆشیانەیش دەگوترێت (سایکۆسۆماتی).

ئەگەر تەنیا بوویت هەوڵ بدە ئەو تەنیایتە بقۆزیتەوە بە چالاکی بە سوود وەکو زکری خوا یان کتێب خوێندنەوە بە ڕاستی کتێب خوێندنەوە زۆر بەسوودە

من وەکو خۆم کتێب خوێندنەوەم کردوەتە بەشێک لە ژیانم بۆیە زۆر بێ کێشەم تەنیاش بم لەبەر ئەوەی کاتێکیش تەنیام لەگەڵ ژیرترین کەسەکانی دنیا ئەدوێم لە ناو دەریایی بێرۆکەکانیان مەلەوانە دەکەم .

# نیگەران مەبە تێدەپەڕێت کاتیە

هەموومان ساتە وەختێک دێتە سەرمان زۆر بێتاقەتمان ئەکات وڕووحمان ماندوو ئەکات،شەو تا درەنگێ بیر دەکەینەوە،فرمێسک بە چاومان دێتە خوارەوە؛لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر هتد

خۆشەویستەکەم شوێنی کارەکەت بە دڵ نییە؟نیگەران مەبە کاتییە وتێدەپەڕێ

کەسە نزیکەکانت خراپن بۆت؟نیگەران مەبە تێدەپەڕێ

هاوسەرەکەت خراپە بۆت ؟دیسان نیگەران مەبە کاتییە وتێدەپەڕێ

ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەنجامی بدەی ئەوەیە لەسەر
بەرنامە ورێگای  خۆت بەردەوام بی ولانەدەی،هەرگیز
وهەرگیز بریارێکی هەتا هەتای مەدە لەبەر ڕووداوێکی
کاتی کە ڕووی داوە

پێوەری ئازایەتی بەوە دەکرێ تا چەن تەحممولی
نارەحەتێکان دەکەی ولەجەنگەکان ژیان سەر دەکەوی

پێوستە لەسەرت ببەیتەوە ئەبێ چۆک دانەدەی پشت بە الله
ببەستەو ڕێگاکانی سەرکەوتن بگرە بەر

شەیتان ئەوەی لەتۆ ئەوێ دانشی وهیچ کارێ نەکەی
وهەوڵت نەبێ تەنها پێچەوانەی مەبەستەکەی بکە
سەرکەوتوو دەبی بەویستی خوا

# لەگەڵ ئامانجەکەت بژی

بیرم دێ لە قۆناغی دووهەمی زانکۆ بووم توێژەرێکی دەروونی هەبوو ئەهات بۆ لای ئێمە لە دەرفەتێکدا قسە ورێنمایی جوانی پێمان دەدا ڕۆژێکیان وتی ئامانجتان چییە لە ژیان؟؟

دوای ئەوە ڕووی لە ئێمە کرد وپرسیارەکەی زیاتر تایبەتتر کرد بە ڕووی قوتابییەکان ئیتر من دەستم بەرز کردەوە

مامۆستاکە وتی:سێ دانە لە ئامانجەکانت بژمێرە بیرم دێ وتم ئامانجم بوێری وئازایەتییە وەستام کەمێک بیرم کردەوە

هیچی ترم بۆ نەدەهات ئەوکات مامۆستا فەرمووی:ئامانجی ڕاستەقینە دەبێت لەگەڵت بژیت

هەمیشە لە ناو خوێنت بێت ئامانجی ڕاستەقینە دەبێت بە بەردەوامی مێشکت داگیر بکات.

# کتێب خوێن مرۆڤێکی ئاسایی نییە

هەموو مرۆڤە سەرکەوتوەکان کتێب خوێندنەوە بەشێکە بووە لە ژیانیان، لەم ڕۆژگارەی ئێمە تێیدا دەژین کە خەڵکی خۆپەرست وخیانەت کار زۆر بووە

بۆیە باشترین هاوڕێ کتێبە، با بەرچاو ڕوونیەکی زیاترت پێ بدەم بەشداریت لە هەر خولێکدا کردبێت و بروانامەتیش چەند بەرز بێت، پێویستە کتێب خوێندنەوە بەشێک بێت لە ژیانت

لەبەر ئەوەی سیستەمی نوسینی کتێب وخوێندنەوەی ، تایبەت مەندییەک دەبەخشێتە بیرو مێشکی مرۆڤ

هەر کاتێک تۆ کتێبێک ئەخوێنیتەوە ئەوە تۆ لەگەڵ مێشکێکی زۆر کراوە ئەدوێیت

ئەو کەسەی کتێب ئەنوسێتەوە کاتی تایبەت تەرخان ئەکات بۆ نوسین بۆ ئەوەی جوانترین وشە وبیرۆکە بۆ تۆ بنوسێت

کاریگەری کتێبیش لەسەر مێشک وبیرکردنەوەت بە پێی کاتە، لەبەر ئەوەی چەند کتێب بخوێنیتەوە مێشکت زیاتر چالاک ئەبێت و وزەو هێز لەو وشانە وەردەگرێت

وەک وتراویشە خوێندنەوە خۆراکی مێشکە جا توخوا گەر خۆراکێکی خراپ بە مێشکت بدەیت چۆن ئەتەوێ جوان بیر بکاتەوە وبەجوانی خزمەتت بکات؟! خۆراکی خراپ بۆ مێشک وبیرکردنەوەت، تێکەڵ بوونە لەگەڵ کۆمەڵگا ودانیشتن وباسکردنی خەڵکی

کە بە داخەوە ئێستا زۆربەری دانیشتنەکان وایان لێ هاتووە درۆ وزەمکردنی خەڵکی بووەتە میوەی مەجلیسەکان پەنا بە خوا

خۆراکی خراپ دانیشتنە بە دیار سۆشیاڵ میدیاوە بە چەندەها کاتژمێر بۆسەیر کردنی کاری نەشیاو وبەرنامەی بێ سوود ، هەموو ئەوانە کاریگەر زۆر بەهێزی هەیە لەسەر مێشک بۆیە خۆراکی جوان وپاک بۆ مێشکت هەڵبژێرە هەموو کتێبێکیش مەخوێنەوە

# به دڵت هەست بە گەورەیی خودا دەکەیت؟

بەداخەوە زۆرێک لە خەڵکی لەیەک خوا پەرستی تێنەگەیشتوە، ئەبینی زۆر گرنگی بە لایەنی تیۆری زانست داوە

خوا پەرستی وبەتاک ڕاگرتنیت بۆ شی ئەکاتەوە ئەیکاتە چەن بەشێک بە پێناسەو وردەکاریەکانیەوە ،بەڵام ئایە مەبەست لە بەتاک ڕاگرنی پەروەردگار ئەو هەموو شتە عیلمیەیە **کە زۆرێک لە خەڵکی**

**هەر لێی تێناگەن ؟!**

نەخێر ئەزیزی من بەتاک ڕاگرتنی خودا ئەوەیە دڵت بە مرۆڤەکان خۆش نەبێت وئومێدت پێیان نەبێت تەنها ئومێدو هیوات بە پەروەدگارت بێت

کاتێک لە تەنگانەی تاکە زاتێک بیرت بۆلای بچێت وبە ڕاستگۆیی داوای لێ بکەیت الله کەت بێت براکانم بە تاک ڕاگرتنی خودا لە دڵدا گرنگە من چی لە مرۆڤێک بکەم هەموو شتێک دەزانێت دەربارەی خودا بەڵام دەڵێت ئەم مووچە نەبێت لە برسا دەمرین

چی لە مرۆڤێک بکەم هەموو قورئانی لەبەر بێت کاتێک توشی نەخۆشی وناخۆشیەک دێت ئەڵێت یا ڕەسول الله هاوارە

بە گەورە ڕاگرتنی خودا بەوە دەبێت خودا بە جوانی بناسین مرۆڤەکانیش بە جوانی بناسین کە چەند بچوکن ئەو کات دەزانین ستەمێکی گەورەیە ئەوەی بۆ خودایە بیدەینە مرۆڤەکان لە ماف وپەرستشەکان

# ڕێزی هەموو کەسێک بگرە بەڵام کەس بەگەورە ڕامەگرە

یەکێک لەو دەردانەی کە زۆرێک لە خەڵکی گیرۆدەی بوونە پیاوانی ئایینین

تا وای لێ هاتوە لە جێی ئەوەی بلێت خودا وا دەڵێت دەڵێت فلانە مامۆستا وای وتوە

بە ڕاستی ئەمە گەورەترین هەڵەیە لەبەر ئەوەی **دینی ئێمە دینی دەقە تێگەیشتنی خەڵکی لە دەق نابێتە دین.** ئەمە زۆر بنەمایەکی جوانە مرۆڤ کاری پێ بکات

هیچ کەسێک پیرۆز وگەورە مەکە هەتا پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی ئەوەندە زیاد ڕەوی مەکەن لە مەدح کردنم وەکو چۆن گاورەکان زیاد ڕەویان کرد لە عیسای کوڕی مەریەم

هەرگیز مێشکت ودڵت ڕادەستی هیچ کەسێک مەکە تەنها ئایینەکەی خوای گەورە نەبێت

خۆت هەوڵ بدە بە دوای زانست بگەڕێ ڕەنگە دەر ئەنجام بگەیتە تێگەیشتنێکی زۆر جوانتر لە تێگەیشتنی مامۆستاکەت خوای گەورە مێشکی بەهەموو مرۆڤێک داوە نەک تەنها بە مامۆستاکەت

# بۆ ئەوەی لە سبەینێت دڵنیا بیت یادی خودا بکە

دەیگێرنەوە پێغەمبەر یونس سەلامی خوای لەسەر بێت کاتێک نەهەنگەکە قوتیدا لە ناو سکی نەهەنگەکە زیکرو یادی خوای ئەکرد "لا اله إلا انت سبحانک إني کنت من الظالمین" مەلائیکە فەرموویان خودایە ئەم دەنگە نامۆ نییە بەلامانەوە ئیزنمان بدە بچین هاوکاری بین، ئەمە پێغەمەرەکەت یونسە سەلامی خوای لەسەربێت

هەر بۆیە خوای گەورەیش ئەفەرمووێت:

**فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ**

**لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ**

واتە:خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەو لە یاد کارانی خوا نەبوایە.

تا ڕۆژێ زیندوو دەکرێنەوە لەناو سکی ئەو نەهەنگەدا دەمایەوە

# بەختەوەری شوێنێک نییە پێی بگەی بەڵکو ڕێگایە دەیگریتە بەر

هەموومان وا ئەزانین بەختەوەری گەیشتنە بەهەندێ شتی ماددی ، نەخێر وانییە زۆرجار گەیشتن بەو شتەی وا ئەتەوێت چێژە نەک بەختەوەری

مرۆڤی بەختەوەر هەمووکات دڵخۆشە لەهەموو شوێنێک دڵخۆشە، تەنانەت خەڵکی بە بینینیشی دڵخۆش دەبن

ئەبێت ئێمە ئەم ڕاستیە بزانین ژیان هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە ، "تاکە شتێک کە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت گۆڕانکاریە"

بۆیە ژیان پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر مرۆڤ ئەبێت هێندە مێشک کراوە بێت هەموو شتێک قبوڵ بکات وەکو خۆی ، ژیانیش وەکو خۆی ببینێت نەک وەکو ئەوەی باسی ئەکەن، زۆرێک لەو شتانەی کۆمەڵگا کردویەتی

بەکێشە هەر کێشە نییە ،مرۆڤ بە بیرکردنەوەی خۆی کێشە گەورە ئەکات ودڵخۆشی خۆی تێک دەدات

زۆرجار هەمان ڕووداو لە ژیانی دوو کەسدا ڕوویان داوە هەر یەکەیان کاردانەوەیەکی جیاوازیان هەبووە دانەیەکیان زۆر بە سادەیی لەو ڕووداوەی ڕووانیوە ئەوی تریان بەگەورەترین کێشە بینیویەتی،بەوردی لە ژیان بڕوانن بۆتان دەردەکەوێت هیچ شتێک شایەنی ئەوە نییە خۆتانی بۆ دڵتەنگ بکەن.

# چیت دەوێت؟؟

هۆکاری زۆرێک لەو کێشانەی ئەمڕۆ هەن ئەوەیە مرۆڤەکان نازانن چیان دەوێت بەڵێ ئەمە گەورەترین کێشەیە

ئەبینی گەنجێک دە ساڵ تەمەنی لە دڵداریدا بە ڕێ ئەخات لە پاشان کچێک دێنێت کە پێشتر هەر نەیناسیوە هۆکارەکەی ئەوەیە نازانێت چی ئەوێت لەم ژیانە

دایکان وباوکان منداڵ دەنێنە قوتابخانە تەنها لەبەر ئەوەی خوێندن تەواو بکات وببێتە خاوەن مووچە، ئەوە کێشە نییە بەلای ئەو دایکو باوکەوە ئەو منداڵە چی ئەوێت لەم ژیانە وچی بەشێک گرنگە بۆی؟ ئەوەی گرنگە بەلای ئەو دایک وباوکە ژیانێکی تەقلیدی ودوبارەی وەکو تێکڕای خەڵکی بۆ ئەو منداڵە دروست بکەن.

قەت ڕۆژێک پرسیارتان کرد بۆچی ئەم هەموو جیابونەوەی خێزانیە ڕوو ئەدات؟؟!!

بێگومان هۆكارەكەی ئەوەیە نەیزانی كێ هەڵبژێرێت وخۆی كێی دەوێت،كەسێكی هەڵبژارد دەر ئەنجام بۆی دەركەوت ئەم كەسە ئەوە نییە وا ئەو دەیەوێت بۆ ژیانی هاوسەری.

قەت ڕۆژێک پرسیارتان كردووە بۆچی زۆرێک لە فەرمانبەرەكان مافی كارەكەیان نادەن ؟

لەبەر ئەوەی قەناعەتی بەو كارەی خۆی هەر نییە تا لێهاتوو بێت لێی ، وەكو وتراویشە : مرۆڤ دووژمنی ئەو كارەیە كە نایزانێت.

# ژیان ئاسان وسادەیە

ژیان ئەوە نییە وا خەڵکی باسی ئەکەن،ژیان ئەوەیە وا خوای گەورە باسی کردووە

ئەفەرمووێت:

**اعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا ۖ وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ**

**واتە:** وە بزانن کە بێگومان ژیانی دنیا تەنها گاڵتەو گەمەو ڕازاندنەوەو خۆهەڵکێشانە لە نێوانیاندا و لاف لێدانە بە دارایی و منداڵی زۆرەوە

وەك بارانێك وایە کە حاسڵاتەکەی جووتیاران دڵخۆش بکات پاشان وشك ببێ و بە زەردی بیبینی لە پاشان ببێت

به پووش و پەڵاش لە ڕۆژی دوایشدا سزای توندو سەخت هەیە بۆ دنیا پەرستان

وە لێبوردن و ڕەزامەندی یە لەلایەن خواوە بۆ خوا ناسان وە ژیانی دنیا هیچ نی یە جگە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەوە

بێگومان ئەوەی بە جوانی لە ڕاستی دنیا گەیشتوە پێغەمبەرە درودی خوای لەسەربێت لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکان و پیاو چاکانی دوای ئەوان کاتێک ژیاننامەیان ئەخوێنیتەوە ئەوکات بۆت دەردەکەوێت چۆن باوەشت بە دنیا کردووەوە وئاگاشت لەخۆت نییە.

# سەرکەوتن لە پەیوەندی هاوسەری

پەیوەندیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان سەرکەوتن لە پەیوەندی هاوسەری ولەگەڵ سەرکەوتن لە ژیانی تایبەتی

هەروەک چۆن دکتۆر ئەلفرێد کینزی دەڵێت:
گرنگترین کار لە پەیوەندی هاوسەری ئەوەیە بزانیت چۆن پارێزگاری لێ بکەیت

لەبەر ئەوەی پارێزگاری کردن لە پەیوەندی هاوسەری هۆکارێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی منداڵەکانت بە شێوەیەکی جوان وتەندروست گەورە بین وببنە

مایەی دڵخۆشی بۆت
هەر وەک چۆن جوش ماکدوێل دەڵێت:باشترین کارێک باوک ئەنجامی بدات بۆ منداڵەکانی ئەوەیە دایکیانی خۆش بوێت .

# باشترین پێشەوا پێشەوای مرۆڤایەتیە ﷺ

ئیمامی ئیبنو حەزم دەفەرموێت: (ئەوەی چاکەی دوارِۆژی ئەوێت،ئەوەی دانایی دنیای ئەوێت،ئەوەی ناوبانگێکی جوانی ئەوێت ئەوەی ئەیەوێت هەموو سیفەتە جوانەکانی تێدا کۆوە ببێت، ئەوە با شوێنکەوتەی پێغەمبەر بێت درودی خوای لەسەربێت).. بە دڵنیاییەوە تاکە کەسێک شایەن ئەوە بێت مرۆڤ بە پێشەوای خۆی دابنێیت

ودەست بە ڕێچکەو ڕێبازیەوە بگرێت

هەر پێغەمبەرە

درودی خوای لێبێت...

چۆن نەکرێتە پێشەوا خوای گەورە لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە شایەتی ڕەوشت جوانی بۆ ئەدات وەک

ئەفەرمووێت :

**وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ**

واتـــە:

وە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت

و خویەکی ئێجگار بەرزو گەورەیت.

**والحمدلله لله رب العالمين..**

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ

